








# پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە *(Nation Building)* ئیرادەی نەتەوەیەک بۆ بونیادی دامەزراوەی دەوڵەتی و سەروەریی یاسا

**((پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە (Nation Building) ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بونیادی هەیکەلی نەتەوە یان ناسنامەی نەتەوە بەرێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتی، ئامانجی ئەم پرۆسەیە بۆ یەکخستنی ریزەکانی گەلە یان یەکخستنی ئەو گەل و نەتەوانەیە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێک یان کیانیک پێکەوە دەژین و ئەو دەوڵەتە یان ئەو کیانە ئاستێکی ئەوتۆی سەقامگیری سیاسیی دابینکردووە بۆ ئەوەی ئەو گەل و نەتەوانە بتوانن پێکەوە بژین، پرۆسەی بونیادی نەتەوە، بانگێشەیە بۆ رێکخستنەوەی ژێرخانی وڵات لە پێناوی گەشەپێدانی ئابووری و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان))**

**ویکیپیدیا**


SAMSUNG

گراشیانا دیل کاستێللۆ بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنی نەتەوە لە هەرێمی کوردستان بۆ لێهاتوویی سەرۆکەکەتان دەگەڕێتەوە



پێناسەکردنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە (Nation Building) وەك پرۆسەیەك بۆ ڕێکخستنی ئیرادەی نەتەوە یان کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوە و فرە ئایین بەرێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتی، ئەمەش واتە بەرێگەی دەوڵەتی دامەزاوەیی و دەوڵەتی قانوون، هەر بۆیە کاتێك مێژووی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە دەخوێنییەنەوە دەبینین سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە تەنیا بونیادی دەوڵەت نییە، بەڵکو بونیادی دەوڵەتی دامەزراوەیی و دەوڵەتی یاسایە، هەر بۆنموونە کاتێك دەڵێن پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەئاستی موعجیزە سەرکەتووبووە، دەبینین تایوان کەلەم پرۆسەیەدا لەپێش هەموانەیەوە بەمانای دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەنی سەروەریی و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەت نییە، بەڵام کۆماری چینی میللی کە یەکێکە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نزیکەی ٣٠ساڵیشە هەوڵدەدات بنەمای ئابووری ئازاد پیادە بکات، بەڵام لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا بە وڵاتێکی سەرکەتوو لە قەڵەم نادرێت، بەڵام هەر لەناو کۆماری چیندا هۆنگ کۆنك وەك نموونەیەکی سەرکەتوو لەپرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا سەرکەتوو بووە، لەمەش گرنگتر دەوڵەتی سەنگافورایە کە هەموو دەوڵەتەکە هێندەی گەڕەکێکی پەکین نابێت و ژمارەی دانیشتوانیشی هێندەی گەڕەکێکی پەکین نابێت، نەك هەر بە نموونەی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لەقەڵەم دەدەرێت، بەڵکو بە موعجیزەی سەرکەوتنی پرۆسەکە لەقەڵەم دەدرێت، ئەم چەند دێرە پێویست بوون بۆ ئەوەی لەسەرەتاوە بە ئاراستەی ڕاست بێنە ناو ئەم باسە هەستیار و گرنگە، هەروەها لەبەر ئەوەی لەم باسەدا کۆمەڵێك لێکچوون و هاودژی هەن کە ناکرێت لە ڕاڤەکردنیدا لەبەرچاو نەگیرێن لەوانە:

١- پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بونیادی دەوڵەتی دامەزراوەیی و سەروەریی یاسا و کە تیایدا بنەمای ئابووری بازاڕ و ململانێ پیادەبکرێت. ئەمە ڕووی لێکچووی پرۆسەکەیە کە هەموو نەتەوەیەك وەك گەیشتن بەم ئامانجە هەوڵی بۆ دەدات.

٢- بەڵام ئەم پرۆسەیە بۆ هەر نەتەوەیەك



کۆماری چینی میللی نزیکەی ٣٠ ساڵیشە هەوڵدەدات بنەمای ئابووری ئازاد پیادە بکات، بەڵام لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا بە وڵاتێکی سەرکەتوو لە قەڵەم نادرێت، هۆنگ کۆنگ وەک نموونەیەکی سەرکەتوو لەپرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا سەرکەتوو بووە

پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەئاستی موعجیزە سەرکەتووبووە



دەبێت هەموو نەتەوەیەک بۆ پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە کتێبێک بۆ خۆی دابنێت

تایبەتمەندی خۆی هەیە و بوار بۆ ئەوە نییە کە نەتەوەیەك کۆپی ئەزموونێکی سەرکەتووی نەتەوەیەکی دیکە دووبارە بکاتەوە، بۆیە وەك (لی کوان یو) سەرۆکی پێشووی سەنگافورا، لە کتێبی (چیرۆکی سەنگافورە: لە جیهانی سێیەمەوە بۆ جیهانی یەکەم) ئاماژەی پێکردووە، دەبێت هەموو نەتەوەیەك بۆ پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە کتێبێك بۆ خۆی دابنێت، لی کوان یو نووسیویەتی:

((کتێب هەیە فێرت دەکات چۆن ماڵێك بونیاد بنێیت، چۆن ئامێرێك چاکبکەیتەوە، چۆن کتێبێك دابنێیت، بەڵام هەرگیز کتێبێکم نەبینیوە چۆن دەوڵەتێك دروست دەکرێت، کە لەگرۆپێك ڕەوەندی بێئومێدی چین و هیندیستانی بەریتانی و دورگەی هیندی هۆڵەندیەوە هاتوون، هەروەها کتێبێکم نەبینیوە چۆن پاروی ژیان بۆ گەلێك دابین دەکرێت، کاتێك ئەو دەوڵەتە ڕۆڵە ئابووریەکەی پێشووی وەك ناوەندی هەنارده و هێنراوی نامێنێت... لە پرۆسەی بونیادنانەوەدا، دەمویست لاسایی هۆنگ کۆنگ بکەمەوە، بەڵام سەیرم کرد ئەو باجەی لە هۆنگ کۆنك وەردەگیرێت گەلەکەی من بەرگە ناگرێت، ویستم پێڕەوی دابەشکردنی داهاتی نەتەوەیی بکەم، بەڵام ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو و ئەویش گەلەکەمی تەمەڵ دەکرد و سەنگافورای دەکردە دەوڵەتی چاودێری کۆمەڵایەتی، بۆیە بڕیارمدا کە بەشێوازی خۆمان دەوڵەتی سەنگافورا بونیاد بنێمەوە، ئەمەش چیرۆکی سەنگافورایە: لە جیهانی سێیەمەوە بۆ جیهانی یەکەم)).

ئەمە پێمان دەڵێت سەرۆکی وڵات دانەری ئەو کتێبەیە کە سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادی نەتەوە تۆمار دەکات، لێرەوە ئەگەر سەیری پرۆسەی (بونیادنانی نەتەوە) لە هەرێمی کوردستان بکەین کە هەموو مانای پێناسەی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە( Nation Building)ی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین ئەو چیرۆکەی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە هەرێمی کوردستان پیشاندەدا، ئەوە بەشێکە لەو کتێبەی سەرۆك مسعود بارزانی کە ئێستا بەردەوامە لە نووسینەوەی بەشەکانی دیکەی و بەتەواو بوونی هەموو بەشەکانی چیرۆکێك بۆ جیهان دەگێڕێتەوە، بێگومان ئەو کتێبەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ چیرۆکی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی

ئەو چیرۆکەی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە هەرێمی کوردستان پیشاندەدا ، ئەوە بەشێکە لەو کتێبەی سەرۆک مسعود بارزانی کە ئێستا بەردەوامە لە نووسینەوەی بەشەکانی دیکەی و بەتەواو بوونی هەموو بەشەکانی چیرۆکێک بۆ جیهان دەگێڕێتەوە



**مسعود بارزانی تەنیا بەشی یەکەمی کتێبەکەی نووسیوە هەموو جیهان بە سیاسەت و لۆژیکی سەرسام بوون و سیاسەتسازانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای ڕێنمایی لێدەکەن**

نەتەوە لە هەرێمی کوردستان دەینووسێتەوە، زۆر لە کتێبەکەی لی کوان یو، بە بایەخەوە لەسەر ئاستی جیهان پێشوازی لێدەکرێت، هۆکاری ئەمەش بە بەڵگەی زیندوو هەیە، لی کوان یو دوای ٣٥ ساڵ لە بونیادنانەوە، ئەوجا جیهان گەیشتە قەناعەت شتێکی تازەی پێشکەشی زانستی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەت کردووە، بەڵام هێشتا سەرۆك مسعود بارزانی تەنیا بەشی یەکەمی کتێبەکەی نووسیوە هەموو جیهان بە سیاسەت و لۆژیکی سەرسام بوون و سیاسەتسازانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای ڕێنمایی لێدەکەن، هەمان سیاسەتی بارزانی بۆ وڵاتی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادە بکەنەوە. مسعود بارزانی لە ساڵانی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ هارڤارد پۆلتییك ریڤییوو راشکاوانە ئاماژە بەوەدەکات، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان تەنیا هێندە پێویستمان بە یارمەتی دەرەکی هەیە هەتا دەکەوینەوە سەرپێی خۆمان، بارزانی مەبەستی بوو ئەوە

**بارزانی مەبەستی بوو ئەوە بەجیهان بڵێت کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە و دەزانین وڵاتی خۆمان چۆن بونیاد دەنێینەوە**

بەجیهان بڵێت کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە و دەزانین وڵاتی خۆمان چۆن بونیاد دەنێینەوە، هەر بۆیە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق و دەسپێکی پرۆسەی بونیادنانەوە لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٦، سیاسەتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرەتای سەرکەوتنی کتێبی بونیادنانەوەی مسعود بارزانی پیشانی جیهانیدا، لێرەدا گرنگە قسەکانی لی کوان یو لەسەر هەرێمی کوردستان دووبارە جێبەجێ بکەینەوە و پرسیار لەهەموو خوێنەران بکەین، ئایا پێش ئەم سیاسەتەی مسعود بارزانی بۆ بونیادنانەوەی کوردستان پیادەی کردووە، ئایا نەك کتێبێك، بەڵکو تەنیا یەك لاپەڕەش نییە باسی بونیادنانەوەی کوردستان بکەن، تەنانەت کە سەنتەری مستەفا بارزانی-ش لە زانکۆی ئەمریکا دامەزراوە و کۆنفرانسی یەکەمی بە ناونیشانی (کورد و گەڕان بەدوای ناسنامە بوو) ئەو کات لەگەڵ ئەوەی هێشتا هەرێمی کوردستان لە ژێرباری دوو گەمارۆی نێودەوڵەتی و عێراقی دەینالاند و هەرێمی کوردستان تاساڵی ٢٠٠٣ پێی دەگوترا (نەوای ئارام – Safe Haven)،ئەمەش واتە نەك کتێبێك نەبوو پێمان بڵێت چۆن پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە هەرێمی کوردستان سەرکەتوو دەبوو، تەنانەت کتێبیکیش نەبوو پێمان بڵێت چۆن نەوای ئارام بکەینە هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، تەنانەت کە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقیش تەواو بوو، پۆل برێمەری سەرۆکی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (CPA) پێشنیاری فیدراڵی پارێزگاکانی کرد، هەموو گەلی کوردستان شاهیدن ئەگەر مسعود بارزانی نەبوایە ئێستا هەرێمی کوردستان بوونی نەدەبوو، بۆیە ڕۆڵی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا لەسەر ئاستی جیهان بێ وێنەیەو بەکردەوە سەلماندویەتی، هەر بۆنموونە:

١- لەژێر سایەی سەرۆك بارزانی-دا ئەمڕۆ نێومالّی کوردستان یەکخراوە و



هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە لە پرۆسەی حکومڕانی (بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە) بەشدارن.

٢- لە هەرێمی کوردستان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێکەوە دەژین و جیاواز لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو گیانی برایەتی و لێبوردەییەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، لە هیچ شوێنێکی دیکە نییە.

٣- بۆ بەشداری کوردستانییەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و پرۆسەی بەشداریکردن لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، هەموو کوردستانییەکان لەیەك فراکسیۆندا وەك یەك کوتلەی پەرلەمانی وتوێژ دەکەن.

٤- لە ژێر سایەی سەرۆکایەتی مسعود بارزانی-دا ئێستا زیاتر لە ١٧ کونسوڵخانە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە و رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی کردنەوەی کونسوڵخانەکان زیاتر دەبن.



٥- لە هەرێمی کوردستان هەردوو کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری تورکیا کراونەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەرێمی کوردستان دەتوانێت فاکتەرێکی گرنگ بێت بۆ ئاشتی و ئاسایشی و هەرێمی نێودەوڵەتی.

٦- ئەو سەقامگیرییە ئاسایش و سیاسییەی لە کوردستان دابینکراوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کوردستان ببێتە وۆرك شۆپێکی گەورە، چەند ساڵێك لەمەوبەر هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە بوو سەرنجی وەبەرهێن و کۆمپانیا بیانییەکان رابکێشین بێن بۆ هەرێمی کوردستان، ئێستا لە سەرانسەری جیهانەوە دێنە کوردستان و ئامادەباشی خۆیان دەردەبڕن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن.

٧- لە سایەی سەرۆکایەتی بارزانی-دا، توانرا بەو دەسەڵاتەی کە دەستووری عێراق بەهەرێمی کوردستانی داوە، یاسای نەوت و گازی هەرێمی دابڕێژرێت و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند بکرێت، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بتوانرێت سەرچاوە سروشتییەکانی نەوت و گاز لە کوردستان وەربهێنرێت و نەوت و گازی کوردستان رەوانەی دەرەوە بکرێت و پێگەی کوردستان لەسەر نەخشەی وڵاتانی خاوەن وزە لە جیهاندا دیاری بکرێت.

٨- هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەتی لەبواری بازرگانی و ئابووری، ئێستا هاوتای دەوڵەتی سەربەخۆ یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ ئیمزا دەکرێت لە رۆژهەڵاتی ئاسیاوە کە کۆماری کۆریای باشورە تا دەگاتە رۆژئاوا کە کۆماری فەرەنسایە.

***

## رۆڵی سەرۆك و بایەخی سیاسەتەکەی لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا

ئەزموونی پرۆسەی بونیادی نەتەوە(Nation Building) لە جیهاندا تۆمارێکی باشی نییە، ئەمەش واتە ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوەن زۆر کەمترە لەو وڵاتانەی لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوون، تەنانەت سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە هێندە زەحمەتە دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم و دەستپێکردنی پرۆسەی بونیادی نەتەوە لە ژاپۆن و ئەڵمانیا و دەوڵەتانی دیکەی رۆژئاوای ئەوروپا، ئەمریکا

**رۆڵی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا لەسەر ئاستی جیهان بێ وێنەیە و بەکردەوە سەلماندویەتی**

**لەژێر سایەی سەرۆك بارزانی-دا هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە لە پرۆسەی حکومڕانی (بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە) بەشدارن**



**راج دیسای بۆ گوڵان:**

# تەنیا ئەو سەرۆکانەی هاوشێوەی گاندی و نەهرۆ و ماندێلان دەتوانن لە پرۆسەی بونیادی نەتەوە سەرکەوتووبن



پــرۆژەی مارشــاڵی دارِشــت بـــۆ سەرخســـتنی ئەم پرسەیە و هەتا ئێستا کـــە نزیکەی ٦٠ ســـاڵ بەســـەر ئەو پرِۆژەیە تێپەرِیووە ئێستاش ئەمریکییەکان و تـــەواوی دەوڵەتانی رۆژئاوا پرِۆژەی مارشـــاڵ بە دەســـکەوتێکی گەورەی ســـەرکەوتنی پرۆســـەی بونیادنانـــی نەتەوەی دەزانن لـــە جیهاندا، لەهەموو دەوڵەتانی جیهانی ســـێیەم بە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینییەوە، لەگەڵ ئـــەوەی زۆربەی دەوڵەتـــەکان لەدوای کۆتاییهاتنی کۆلۆنیالیزمەوە دەســـتیان بە پرۆســـەی بونیادنانی نەتەوە کردووە، بەڵام ژمارەی ئەزموونە سەرکەتووەکان لە هەموو ئەفریقیا یەکدوو ئەزموونن و لە ئەمریکای لاتینی یەکدوو ئەزموون و لە ئاســـیاش تەنیا چەنـــد دەوڵەتێکن وەك ژاپـــۆن و ســـەنگافورا و کۆریای باشـــور و تایوان و مالیزیـــا، ئێمە لەم راپۆرتە بۆیە وا بەبایەخەوە لەســـەر ئەم پرۆســـە گرنگە رادەوەستین، بۆ ئەوەی خوێنەرانی گوڵان لەبایەخ و قورسی و ئاڵـــۆزی ئـــەم پرۆســـەیە تێبگەن، بۆ ئەوەی بزانن کاتێك سیاســـەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان وەك هنری بارکـــی دەڵێت ١٨٠ پلە دەگۆرِێت و لە کۆشکی ئەلێزی سارکۆزی پێشوازی لە بارزانـــی دەکات و یادداشـــتنامەی فەرمی لەنێوان هەرێمی کوردســـتان و فەرەنســـا ئیمزا دەکرێت، مانای چییە؟ ئێمە بـــۆ بەدواداچوونـــی زیاتری ئەم راپۆرتە، پرســـیارمان لە پرۆفیسۆر راج دیســـای گەورە تـــۆژەری ئامۆژگای برۆکینگـــز و پســـپۆر و تایبەتمەند لە پەرەپێدان و پرۆسەی نەیشن بیلدین کرد ســـەبارەت بەوەی ئایا رۆڵی سەرۆکی وڵات لەم قۆناغە و ئەو سیاسەتەی بۆ بونیادنانی نەتەوە پیادەی دەکات چەند گرنگە؟ پرۆفیســـۆر دیسای بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵانی دایەوە: ((بـــەرِای من هەبوونی ســـەرۆکێکی



لێهاتوو زۆر گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە ســـەرکردەیەکی لێهاتوو چی بکات باشـــە. پێموایە کە لە ســـەرکردە گرنگتر ئەو سیاسەتانەیە کە پیادەدەکرێن لە بونیادنانی نەتەوە. ئەگەر ســـەیری هەنـــدێ لـــەو وڵاتانـــە بکەیـــن کە فرەنەتەوەیـــی و فرەئایینـــن، دەبینین زۆربـــەی ئـــەو رێگەچارانـــەی کـــە گرتوویانەتەبەر بریتین لە جەختکردنەوە لەسەر پەروەردە و شێوازەکانی فێرکردنی منـــداڵان و (منهـــج) بابەتەکانـــی قوتابخانەکان و پەروەردەکردنی تاکەکان هەر لە تەمەنـــی منداڵییەوە. هەروەها تاکەکان پێدەگەیەنرێن بەشـــێوەیەك کە ببـــن بـــە ســـیبموڵی نەتەوەیـــی لە کۆمەڵگەکەیـــان و هزرێـــك لەنێویـــان دەچێنـــن کـــە لەگەڵ هەمـــوو لایەك بگونجـــێ، بەتایبەتـــی لەپێنـــاوی کەمکردنەوەی ئاســـتەکانی پێکدادان و ناکۆکی لەنێـــو گروپەکانی کۆمەڵگە. لێرەدا چەند نموونەیەك دێنمەوە لەســـەر ئـــەو وڵاتانەی کە تازە ســـەربەخۆن و کۆمەڵگەکانیان بریتین لە فرەنەتەوەیی و ئایینی، وەکو وڵاتی «هندیستان» و هەندێ لە وڵاتانـــی «ئەفریقیا»، لە هەمووشـــیان دیارتـــر «باشـــووری ئەفریقیـــا» کە پرۆســـەی بونیادنانی نەتـــەوەی تیـــا زۆر زەحمـــەت بـــوو، لەبەرئـــەوەی لەنـــاو کۆمەڵگەکەیاندا فرەییەکـــی قووڵ و ئاڵـــۆز هەبوو. لەم هەموو نموونانەدا ســـەرکردەکان رۆڵی گرنگیـــان هەبوو، وەکو «ماندێللا» لە «باشـــووری ئەفریقیا»، «نەهرۆ» و «غانـــدی» لـــە «هندیســـتان» و «یۆلیۆس نایێرێ» لە «تانزانیا». ئەو سەرکردانە چەند سیمبولێکیان بەکارهێنا کە بـــووە مایـــەی یەکگرتنی تەواوی نەتەوەکانیـــان). ئەگـــەر ســـەرنج لە قســـەکانی پرۆفیسۆر دیســـای بدەین هەســـت دەکەین لەچەند دێرێکدا چەند ســـەرکردەیەکی پێوتین کە ژمارەیان لە ئاستی جیهاندا زۆر کەمن وەك (گاندی و ماندیلا و نەهـــرۆ و نایێری) ئەمانە ئەو ســـەرۆکانە بوون کە توانیان وڵاتە

**بۆ بەشداری کوردستانییەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق کوردستانییەکان لەیەک فراکسیۆندا وەک یەک کوتلەی پەرلەمانی وتووێژ دەکەن**

**لە ژێر سایەی سەرۆکایەتی مسعود بارزانی-دا ئێستا زیاتر لە ١٧ کونسوڵخانە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە**



گوڵان
ژمارە (٧٨٧)
٢٠١٠/٦/٢٨



فره نەتەوەو ئایینەکەیان لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بەرەو سەرکەوتن بەرن، بۆیە یەکخستنی ریزەکانی گەل و یەکخستنی ریزەکانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستانیش کە بارزانی بڕیاریدا لە کوردستان نەتەوەی زۆرینە و کەمینە نییە و نەتەوە هەر نەتەوەیەو ئایین هەر ئایینە و دەبێت رێزیان لێبگیرێت، ئەمە هەتا ئێستا دیاردەیەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێنەی نییە. هەر لەچوارچێوەی ئەم پرسە و هەڵسەنگاندی رۆڵی سەرۆك و سیاسەتەکەی لە قۆناغی بونیادی نەتەوە و هەروەها هۆکاری ئاستی نزمی سەرکەوتن لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا، پرۆفیسۆر پۆل لە زانکۆی ستۆکهۆڵم و پسپۆر لە پەرەپێدانی ئابووری لە چین و دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی داینەوە: (ئەمە «پرسیاری یەك ملیۆن دۆلارە»، لە راستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر زەحمەتە، بەڵام دەتوانم سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان بڵێم،. بێگومان، هەبوونی سەرکردەیەکی باش شتێکی پێویستە، لەبەرئەوەی بەبێ سەرکردەیەکی لێهاتوو پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە سەرکەوتوو نابێت. لەبەرئەوەی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە زیاتر پەیوەستە بە بونیادنانی دامەزراوەکان، ئەمەش واتە. پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بریتییە لە بونیادنانی دامەزراوەی جێگیر و هەمیشەیی لە کۆمەڵگە. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان وەڵامەکەی لای من بەشێوەیەکە کە زۆربەی ئابووریناس و سیاسەتوانەکان سەرقاڵی ئەم بابەتەن و تاکو ئەمرۆش هاوڕایی لەسەر نییە و لەئاکامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانیان چەندین بۆچوونی جیاوازی لێ کەوتۆتەوە. بەڕای من، بەشێوەیەکی



گشتی هەر یەك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا توانیویانە نموونەیەکی سەرکەوتوو بونیاد بنێن، هەر یەك لەوانە خاوەن وڵاتێکی بەهێزن، بەڵام پێموایە کە کارێکی نارەوایە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقیا بەراورد بکرێن. لەبەرئەوەی زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا خاوەن دەوڵەتێکی بەهێز نەبوون بۆئەوەی بیکەن بە دەسپێك لە پرۆسەکانی بونیادنانی نەتەوەیی لە وڵاتەکانیان، هاوکات زۆربەیان کۆلۆنیالی وڵاتە ئەوروپییەکان بوون و ژمارەیەك لە داگیرکەرەکان هیچ هەوڵێکیان نەبوو بۆ بونیادنانی ژێرخانەکانی حکومرانی لەو وڵاتانە. بۆ نموونە وڵاتی «بەلجیکا» لە «کۆنگۆ»، کاتێك کە «کۆنگۆ»ی جێهێشت بەبێ ئەوەی هیچ دامەزراوەیەکی بەهێز دابمەزرێنێت. سەبارەت بە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا، سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە زۆربەیان بەهێز و بەتوانا و لێهاتووبوون لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیدا. بەڵام لە قۆناغی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە کەوتنە هەڵەوە، بۆیە لەئاکامدا ستەمدار و دیکتاتۆریان لێ دەردەچێت و شکست بەدەست دێنن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، زۆربەی وڵاتە سەرکەوتووەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، لە دەسپێکی پرۆسەکە خاوەن سیستەمێکی حکومرانیی بەهێز بوون، رۆڵێکی گرنگیان لە بواری پەرەپێدانی ئابووری گێڕا، پاشان بەشێوەیەکی لەسەرخۆ هەستان بە کردنەوەی ئابووریی ناوخۆیی و ئاراستەکردنی بەرەو کێبڕکێی ئابووری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەئاکامیشدا بوو بەمایەی بەهێزبوونی وڵاتەکانیان لەسەر ئاستی نشتیمانی. بۆ نموونە کۆریای باشوور. لێرەشدا باسەکە دێتە سەر بابەتی بایەخی بازاڕی ئازاد، زۆربەی وڵاتە سەرکەوتووەکانی ئەمرۆی رۆژهەڵاتی ئاسیا، لە سەرەتاکانی پرۆسەی بونیادنانی

**ئەو سەقامگیریە ئاسایش و سیاسییەی لە کوردستان دابینکراوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کوردستان ببێتە وۆرك شۆپێکی گەورە**

**لە سایەی سەرۆکایەتی بارزانی-دا، توانرا بەو دەسەڵاتەی کە دەستووری عێراق بەهەرێمی کوردستانی داوە، یاسای نەوت و گازی هەرێمی دابڕێژرێت**

نەتەوەدا هەنگاویان بەرەو ئاراستەکانی ئابووریی جیهانی و کرانەوەی ئابووری بەشێوەیەکی فراوان هەڵگرت. پێموایە کە ئەم پرۆسەیە درێژخایەنە و دامەزراوەکانی دەوڵەت رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە سەرکەوتنی پرۆسەکە، بەڵام لە سەرەتادا شتەکان بە هێمنی دەست پێدەکەن و لە قۆناغە دواییەکاندا و لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بارەکان ڕێچکەی خۆیان دەگرن و بارێکی جێگیر و سەقامگیر و بەهێزی بۆ درووست دەبێت)). لایەنێکی دیکە رۆڵی دامەزراوەکان و ئەو سیاسەتەی سەرۆکی وڵات لەم پرۆسەیەدا پیادەی دەکات، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی میکانزمێك بۆ ئەوەی تاکەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەم پرۆسەیە بەشداری بکەن.

سەبارەت بە چۆنییەتی هاندانی تاکەکان بۆ بەشدار بوون لە پرۆسەکە، پرۆفیسۆر راج دیسای بەم راپۆرتەی راگەیاند: (پرسیارەکەتان دەڵێت کە ئایا تا چەند دەتوانرێت تاکەکان هانبدرێن بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکانی بونیادنانی نەتەوە. بەڵام بەڕای من پرسیارەکە ئەمەیە: کە ئایا دەرفەتەکان چین بۆ بەشداریبوون؟ پێموایە کە ئەمە پەیوەستە بە ئاستەکانی توانا و دەرفەتەکان لە پێش تاکەکان بۆئەوەی بتوانن بەشداربن لە کاروبارە گشتییەکان و لە بواری پێشکەوتنی کۆمەڵگە و حکومەتی لۆکاڵ. هەر بۆیە، ئەگەر هات و ژێرخانی سیستەمی حکومڕانی لە کۆمەڵگە داخراوبوو و دەرفەت نەڕەخسێنێت، ئەوکات بۆ تاکەکان زۆر زەحمەت دەبێت بەشداریبکەن. لەهەمان کاتیشدا، تەنانەت ئەگەر تاکەکانیش هانبدەن بۆ بونیادنانی ژێرخانەکان، ئەوە ئەو کارە هەرگیز ئەنجام نادرێت. بەهەرحاڵ، ئەگەر کۆمەڵگە کراوەتر بێت و لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیدا و دەرفەتی زیاتر بوونی هەبێت، ئەو کات پێموایە کە دەکرێ تاکەکان هانبدرێن بۆ بەشداریبوون لەم پرۆسەیە.. هەربۆیە پێموایە یەکێك لە فاکتەرەکانی سەکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، سەرکەوتن بوو لە بواری ئابووری، ئەمە بەپێچەوانەی وڵاتانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی. هەروەها بەڕای من یەکێك لە هۆکارەکانی دیکە فاکتەری نایەکسانییە، وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا خاوەن ئاستێکی زۆر نزمن لە بواری یەکسانی. خاڵی سێیەم ئەوەبوو: سیستەمی حکومڕانی و بیرۆکراسییەت لە «ژاپۆن» و «تایوان» و «سنەگافورا» و «کۆریا» و تا رادەیەك دەتوانین «مالیزیا» و «ئەندەنۆسیا» و هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بخەینە پاڵیانەوە،

**هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەتی لەبواری بازرگانی و ئابووری، ئێستا هاوتای دەوڵەتی سەربەخۆ یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ ئیمزا دەکرێت**



بەشێوەیەکی زۆر باش بەڕێوەدەچوو، بەشێوەیەك كە زۆر چالاك و كارا بوون، هەرچەندە تا رادەیەکی گەندەڵی بوونی هەبوو، بەڵام بەو ئاستە نەبوو کە بە هەند وەربگیرێت. هەروەها ئەو وڵاتانە خاوەن وەبەرهێنانێکی نایاب بوون لە بواری وەبەرهێنانی مەعریفە و زانیارییەکان لەبارەی چۆنیەتی گەشەپێدانی بواری ئابووری لە وڵاتەکانیان. هەروەها توانییان هاندەر بخوڵقێنن لە بواری بونیادنانی بازاڕ، بەشێوەیەك كە وڵاتانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی نەیانتوانی ئەنجامی بدەن. خاڵی دواییین: بەڕای من هۆکاری سیاسی هەیە لەدوای سەرکەوتنی بواری ئابووری لە «ژاپۆن» و «تایوان» و «سەنگافورا»، لەبەرئەوەی لەم وڵاتانەدا جیاوازییەکی قووڵیان نییە لەنێو گروپەکانی کۆمەڵگە لە رووەکانی ئیتنی و ئایینی یان زمان. بەپێچەوانەی وڵاتانی ئەفریقیا و هەندێ لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی. هەڵبەتە لە وڵاتانی ئەفریقیا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێو هۆز و عەشیرەتەکان، هەروەها لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی-ش جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو کەسانەی کە هاووڵاتیی نەژادن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بۆ نەژادی ئەورووپی دەگەڕێنەوە. لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقیا و وڵاتانی ئەمریکای لاتینی زۆر سەرکەوتووبوونە لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، دیارترین نموونە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی بریتییە لە «شیلی» و «کۆستاریکا»، لەگەڵ «پاتزوانا» لە «ئەفریقیا». بەڵام وابزانم ئێستا بارودۆخەکان لە وڵاتانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی گۆڕانکارییان بەسەرهاتووە)). لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە سەختیی ئەم قۆناغە و چۆنییەتی هەنگاو هەڵگرتن بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر پیتەر میلاهی ئوستادی ئابووری لە زانکۆی بۆدابست کرد، بەوەی وڵاتی هەنگاریاش بەم پرۆسەیە تێپەڕیوە، لە وەڵامدا پرۆفیسۆر میلاهی بەمجۆرە بۆ ئەم راپۆرتە هاتە ئاخاوتن: ((پێش هەموو شت ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بدوێین، ئەوا سەرۆکەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا، سەرکردە لێهاتووەکان لە مێژوودا رۆڵێکی گەورە و مەزنیان بینیوە و ئێستاش بەردەوامن لە بینینی ئەو رۆڵە لەم رۆژگارەدا. سەبارەت خودی پرۆسەکەش ئەوە کار و ئەرکێکی سەختە، لەبەر ئەوەی خەڵکی تێڕوانین و تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە، بەڵام لێرەدا جەخت لەسەر گرنگیدان بە پەرەپێدانی پەروەردە دەکەم، لەبەر ئەوەی پەروەردە هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشچوون لەسەر ئاستی تاکەکەسی و لەسەر ئاستی کۆمەڵگەش. بۆیە لەم لایەنەوە راشکاوانە دەڵێم، بۆ ئەوەی زۆر بە سادەیی گوزارشت لەم مەسەلەیە بکەین، ئەوا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە بەدیهێنانی بەرەوپێشچوونی گشتی و گەشەکردنی ئابووری بەردەوام و سەرکەوتوو کارێکی زۆر دەگمەنە و لە راستیدا تەنیا چەند وڵاتێکی کەم لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوو بوون، سەرکەوتوو دەبن، ئەمەش واتە دەتوانین بڵێین کە لەم رووەوە شکستهێنان ڕێسایە و سەرکەوتن ئیستیسنایە. بۆیە گرنگە دیراسەت لەسەر ئەم ئەزموونانە بکرێت، بە تایبەتی لە رووی خستنەگەڕی سەرمایە لە بواری پەرەپێدانی پەروەردەدا پێش ئەوەی ئابوورییەکی بەهێز بنیات بنێن، لەبەر ئەوە گرنگە گەلێکی خاوەن پەروەردە دروست بکەیت کە توانای خوێندنەوە و نووسینی هەبێت، هەروەها یەکسانی نێوان پیاوان و ئافرەتان رەچاو بکرێت). هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە سەرنەکەوتنی دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەمریکا لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە عێراقدا پرۆفیسۆر راج دیسای بەمجۆرە وەڵامی داینەوە:

**هەبوونی سەرۆکێکی لێهاتوو زۆر گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە سەرکردەیەکی لێهاتوو چی بکات باشە**

**سەرکردەکان رۆڵی گرنگیان هەبوو، وەکو «ماندێلا» لە «باشووری ئەفریقیا»، «نەهرۆ» و «غاندی» لە «هندیستان» و «یۆلیۆس نایێرێ» لە «تانزانیا». ئەو سەرکردانە چەند سیمبولێکیان بەکارهێنا کە بووە مایەی یەکگرتنی تەواوی نەتەوەکانیان ئەمانە ئەو سەرۆکانە بوون کە توانیان وڵاتە فرە نەتەوەو ئایینەکانیان لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بەرەو سەرکەوتن بەرن**



**پیتەر میلاهی:**

# سەرکەوتن لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە کارێکی هێندە زەحمەتە دەتوانین بڵێین شکست ڕێسایە و سەرکەوتن ئیستیسنایە



((ئەگەر بێت و لە سرووشتی پێکهاتەی عێراق بڕوانین، دەبینین جیاوازی لەنێوانی باکوور و باشووری وڵات هەیە، هاوکات لە رووی ئایینیشەوە جیاوازی لە نێوانی شیعە و سوننەکان-دا هەیە، جگە لە جیاوازییەکان لەنێوانی تایفە و ئایینەکانی دیکە، هاوکات ڕێژەی نایەکسانی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە لە عێراق. هەر بۆیە، ئەگەر بێت و ئەو وڵاتانە بکەن بە نموونە کە بارودۆخەکانیان لەگەڵ بارودۆخەکانی عێراق هاوشێوەن لە رووەکانی فرەنەتەوەیی و فرە ئایینی، ئەگەر ئەزموونەکانی ئەو وڵاتانە بکەن بە نموونە و پیادەی بکەن، دەبینن شتەکان گۆڕانکارییەکی زۆر بەخۆوە دەبینن. بۆ نموونە: «پاتزوانا» لە ئەفریقیا، یان «شیلی» لە ئەمریکای لاتینی. هۆکارەکانی گۆڕانی ئەو وڵاتانە بریتی بوو لەوەی کە دەستەبژێر و گروپە دەسەڵاتدارەکان کە حکومڕانیی وڵاتیان دەکرد، گەیشتنە ئەو راستییەی کە سوود و بەرژەوەندیی خۆیان پێوەندیی هەیە لەگەڵ باشترکردن و بەرەوەپێشبردنی باری گوزەرانی هاووڵاتیان. بەو شێوەیە، کاتێك کە سەرکردە و حکومەتەکان گەیشتنە ئەو راستییە، هەوڵ و هاندان درووستبوو لە ئەنجامدانی چاکسازیی حکومی و سیاسی و رووبەڕووبوونەوەی دیاردەکانی گەندەڵی. بەڵام عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ـەوە کاتێك کە ئەمریکا هێزەکانی بۆ عێراق نارد، لە نزیکەوە لە بارودۆخەکانی عێراق تێنەگەیشتبوو. هەروەها پێموایە لەلایەنی دەسەڵاتی گواستنەوەی عێراق لەساڵی یەکەمدا چەندین هەڵە ئەنجامدرا، هاوکات دامەزراوەکانی وڵات زیانێکی زۆریان پێگەیشتبوو و دەرفەتی نەهێشتەوە بۆ سەقامگیریی عێراق. بۆ نموونە: هەڵوەشاندنی سوپا و بڕینی مووچە لە فەرمانبەرەکانی حکومەت، ئەو جۆرە بڕیارانە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هاووڵاتیە عێراقییەکاندا هەبوو، هەروەها بوو بە هاندەرێك بۆ هاووڵاتیە عێراقییەکان کە روو لە یاخیبوون و گەندەڵی بکەن لەگەڵ ئەنجامدانی چەندین جۆری کاری دیکە کە بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندیی عێراق و هاووڵاتییەکاندا نەبوو، نەك تەنیا لە باشوو یان لە باکوور، بەڵکو بۆ هەموو گەلی عێراق و ڕێگر بوو لەپێش بوونی بە نەتەوەیەکی بەهێز. لەلایەنێکی



پرۆسەی بونیاتنانی نەتەوە بریتییە لە بونیاتنانی دامەزراوەی جێگیر و هەمیشەیی لە کۆمەڵگە

وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا، سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە زۆربەیان بەهێز و بەتوانا و لێهاتووبوون لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیدا. بەڵام لە قۆناغی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە کەوتنە هەڵەوە




دیکەوە، پێموایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جیاوازییەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراقی بە هەند وەرنەگرت و گرنگییەکی زۆری پێنەدا، هەروەها ئەو خاڵەشی فەرامۆشکرد کە دیکتاتۆرییەتێك ڕێگەی نەدابوو ناکۆکی و پێکدادان لەنێو گروپە جیاوازەکان رووبدات و بیری لەوە نەکردەوە کە لەگەڵ نەمانی رژێمی دەسەڵاتدار چی روودەدات. هەر بۆیە، کاتێك کە رژێمەکە لە دەسەڵات لادرا و جیاوازی لەنێو پێکهاتەکانی عێراق دەستی بە سەرهەڵدان کرد، لەو کاتەدا ئەمریکا هیچی پێ نەکرا و هیچ وەڵامێکی پێویستی بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکان نەبوو)). سەبارەت بەهەمان پرس و نەتوانینی ئەمریکا بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادی نەتەوە لە عێراق بە هاوشێوەی ئەڵمانیا و ژاپۆن، پرۆفیسۆر پۆل لێڤن بەمجۆرە رای



خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستە روو: (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا وەکو رزگارکەرێك هاتە عێراق بۆ ئازادکردنی وڵاتەکە و لەناوبردنی ستەمداری. «پۆڵ وۆڵفۆیتز» کە یەکێك لە ئەندازیارەکانی جەنگی ساڵی ۲۰۰۳ بوو، پلانێکی هەبوو بۆ عێراقی دوای جەنگ، بەڵام زۆر درەنگ دەستیانکرد بە پەیڕەوکردنی پلانەکە. لەلایەنێکی دیکەوە، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق، «مسعود بارزانی» کارێکی زۆر باشی ئەنجامداوە لە بەرەوپێشەوەبردنی بارودۆخەکانی هەرێمەکەیان لە بوارەکانی ئابووری و سەقامگیریی سیاسی و هەموو چاکەکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. بەڕای من زۆر گرنگە کە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەیی هەمیشە لەلایەن هاووڵاتییەکانی وڵات ئەنجامبدرێت، مەبەستم ئەوەیە کە پێویستە لە ناوەوە سەرهەڵبدات نەك لە لایەن هێزێك یان لایەنێکی دەرەکی. لەبەرئەوەی ئەگەر پرۆسەکە پێشنیاری لایەنێکی دەرەکی بێت، ئەوە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە بەرهەڵستکاری و نارەزایی لەدژیدا سەرهەڵدەدات. سەبارەت بە عێراق، بێجگە لە هەرێمی کوردستان، تاکو سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و خۆشگوزەرانی لە وڵاتەکەدا روونەدات، ئەوە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەیی هەرگیز سەرکەوتوو نابێت)). هەر سەبارەت بە هۆکاری رۆڵی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکێکی نیشتمانی لە سەرخستنی ئەم پرۆسەیە و هەنگاو

**یەکێک لە فاکتەرەکانی سەکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، سەرکەوتن بوو لە بواری ئابووری**

**هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقیا و وڵاتانی ئەمریکای لاتینی زۆر سەرکەوتووبوونە لە پرۆسەی بونیاتنانی نەتەوە، دیارترین نموونە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی بریتییە لە «شیلی» و «کۆستاریکا»، لەگەڵ «پاتزوانا» لە «ئەفریقیا»**

هەڵگرتن بەرەو داهاتوویەکی باشتر، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر گراشیانا دیل کاستێللۆ پسپۆر و تایبەتمەند لە وڵاتانی خاوەن تەنگژە و دوای تەنگژە لەزانکۆی کالیفۆرنیا کرد، کە ئێستا سەرقاڵی نووسینی کتێبێکە لەسەر پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە ئەفغانستان و عێراق، سەبارەت بەم پرسە خاتوو گراشیانا بەمجۆرە وەڵامی دایەوە: ((سەرکردەی نەتەوەیی فاکتەرێکی سەرەکییە لە پرۆسەکانی بونیادنانی نەتەوە و بونیادنانی وڵاتی پاش کارەساتێکی گەورە وەکو جەنگ یان گۆڕینی ڕژێم لە ڕێگەی دەستتێوەردانی سەربازی یان هەر کارەساتێکی سرووشتی. بەهەرحاڵ، هیچ کام لەو شتانە پەسەند ناکەم کە پێوەندییان بەو دوو زاراوەیە هەیە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی مەسەلەکە پەیوەستە بە تێوەگلانی دەستی دەرەکی. لە راستیدا، لەپێناوی سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی بونیادنانەوە یان ئاوەدانکردنەوە لە وڵاتێکی پاش کارەسات، پێویستە پرۆسەکە لەلایەنی دەسەڵاتێکی نەتەوەییدا بەڕێوەبچێت. پرۆسەی بونیادنانەوەی وڵات پێویستیی بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیە. تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە هاووڵاتیان متمانەیان بە پرسەکە نەبێت و لەو کاتەدا ئاشتی بەرقەرار نابێت و سیاسەتەکانی ئاوەدانکردنەوە بەشێوەیەکی کارا کاریان پێناکرێت. هەر بۆیە، ویڕای ئەوەی کە بەخۆیان هەڵدەستن بە دەرکردنی بڕیارە هەستیارەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێننە ناو پرۆسەکەوە بۆ مەبەستەکانی پاڵپشتی و پارەدان، پێویستە بەرپرسەکانی پرۆسەکانی بونیادنانەوە جۆرە پشتگیرییەکی جێگیر بۆ پرۆسەکە بخولقێنن. ئەم شتەیە کە دەیانکات بە سەرکردەی نەتەوەیی. لە دانانی ستراتیژییەتی بونیادنانەوەشدا، پێویستە لەسەر سەرکردە نەتەوەییەکان جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە سیاسەتەکانیان دەبێت بەشێوەیەکی راست و دروست ئاراستە بکەن، تەحەدداکانی ئاسایش لەبەرچاوبگرن، خەملاندنێکی درووست و تەواو بۆ باری ئابووری و

**بەدیهێنانی بەرەوپێشچونی گشتی و گەشەکردنی ئابووری بەردەوام و سەرکەوتوو کارێکی زۆر دەگمەنە و لە راستیدا تەنیا چەند وڵاتێکی کەم لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوو بوونە و سەرکەوتوو دەبن**





زۆر گرنگە کە پرۆسەی بونیاتنانی نەتەوەیی هەمیشە لەلایەن هاووڵاتییەکانی وڵات ئەنجامبدرێت، پێویستە لە ناوەوە سەرهەڵبدات نەک لە لایەن هێزێک یان لایەنێکی دەرەکی

**پۆل لیڤن بۆ گوڵان:**

# هەموو دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ لێهاتوویی مسعود بارزانی دەگەڕێتەوە



**لەپێناوی سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی بونیاتنانەوە یان ئاوەدانکردنەوە لە وڵاتێکی پاش کارەسات، پێویستە پرۆسەکە لەلایەنی دەسەڵاتێکی نەتەوەییدا بەڕێوەبچێت**

کۆمەڵایەتی وڵات ئەنجامبدەن، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە هەموو سەرچاوە مرۆیی و دامەزراوییەکان بەشێوەیەکی کاریگەرانە لە پرۆسەکە بەکارهێنراون)). سەبارەت بە سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لەم پرۆسەیە و شکستهێنانی ئەمریکا لە عێراقدا، خاتوو گراشیان هۆکارەکەی گێڕایەوە بۆ رۆڵی سەرۆك بارزانی وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و پێی راگەیاندین: ((سەرکەوتنی ئێوە وەك کوردەکانی عێراق لە بونیادنانەوەی ئابووریی وڵاتەکەیان پێوەندییەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ ئەو خاڵەی کە لە پێشتر ئاماژەم پێکردبوو لەبارەی بایەخی هەبوونی سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی ناوخۆیی بەرپرسیار. سەبارەت بە شکستهێنانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبارەی دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی دوای نەمانی رژێم، لەوانەیە تاهەتا لەسەر ئەم باسە بدوێم. لە راستیدا، لە کتێبێکمدا لەژێر ناونیشانی «وڵاتە لێکترازانەکانی پاش جەنگ» بەشێکی تەواوم بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخانکردووە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق شکستی بەدەستهێنا لەبەرئەوەی هەموو رەفتارەکانی هەڵە بوو. یەکێك لە هەڵە سەرەکییەکانی «دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان — CPA» ئەوە بوو کە هەستا بە دەرکردنی هەموو فەرمانبەرەکانی پارتی بەعس لە کار و پۆستەکانیان و هەڵوەشاندنی سوپای عێراقی بەبێ هیچ نەخشەیەك لە راماڵینی چەك و خانەنشینکردنی ئەندامەکانی. ئەم دوو بڕیارە بوون بەهۆی بێکارکردنی نزیکەی ٤٠٠ هەزار– تاکو ٥٠٠ هەزار سەرباز. بەڕاستی ئەو کارە بە کارەساتێکی گەورە دەژمێردرێت. هەر بۆیە، بەهیچ شێوەیەك مایەی سەرسوڕمانی نەبوو کە دیاردەکانی ئاژاوە و گێلەشێواوی و ناسەقامگیری دەستیان بە سەرهەڵدانکرد. ئەو بڕیارانە تەنیا کاریگەریی لەسەر رەوشی ئاسایش لێ نەکەوتەوە، بەڵکو خزمەتگوزارییە مەدەنییەکانی بێبەشکرد لە پسپۆرییە تەکنیکییە گرنگەکان. گەمژەیی و تەسکبینیی ئەو سیاسەتانە بەهیچ شێوەیەك شیناکرێنەوە بەتایبەتی لەو ساتانەدا کە نزیکەی ٪٦٠ی هاووڵاتییەکانی عێراقی بێکارکرد.





هەوڵەکانی دواتر بۆ لابردنی ئەو نەفرەتە بەسوود نەبوون لە چاککردنەوەی زیانەکان. هەڵەی گەورەتر کە بەهیچ شێوەیەك مایەی قبووڵکردن نەبوو بریتی بوو لە بەکارهێنانی بەڵێندەری بیانی و کۆمپانیا گەندەڵکارەکان لە دابینکردنی ئاسایش و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی بەتایبەتکردن لە بوارەکانی نەوت و شکستهێنانیان لە بونیادنانەوەی ژێرخانەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان. جگە لە چەندین هەڵەی دیکە کە هەمووی بوون بە مایەی تێکدانی پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق)).

ئەوەی لە میانەی بەدواداچوونی ئەم راپۆرتە و پرسیار و بەدواداچوونمان لە پسپۆرانی جیهانی پێیگەیشتین ئەوەیە کە وەك پرۆفیسۆر پیتەر میلاهی لە زانکۆی بۆدابست پێی راگەیاندین کە سەرکەوتن لەم پرۆسەیە کارێکی ئاسان نییە بۆ شکست لەم پرسەیە رێسایە و سەرکەوتن ئیستیسنایە، هەروەها وەك پرۆفیسۆر گراشیناش پێی راگەیاندین سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لەهەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی ئەو سەرۆکە نیشتمانی و نەتەوەییەی ئەمڕۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەم لایەنە کە پرۆفیسۆر گراشینایە وەك پسپۆرێك لەسەر عێراق ئاماژەی پێکرد و وەك خۆی لە لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان ئاماژەی پێکردووە، لەوانەیە هەموو ژیانی بۆ دیراسەتکردنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە تەرخانبکات لەو راستیە تێدەگات کە رۆڵی سەرۆك و سیاسەتی راست و دروست لەم پرۆسەیەدا چەند گرنگە، ئەمە رێگە لەوە ناگرێت کاتێك ئاماژە بە رۆڵی سەرۆکێکی دیکە دەکرێت و لەم پرۆسەیەدا سەرکەتوو نەبوونە مانای ئەوە بگەیەنێت کە ئەو سەرکردانە لێهاتوو نەبوون، پرۆفیسۆر راج دیسای لەم راپۆرتە زۆر راشکاوانە وەڵامی ئەم پرسیارەی دەواتەوە بەوەی ئەو سەرکردانەش لە قۆناغی رزگاری نیشتمانی لێهاتوو و پاڵەوانی نیشتمانی گەلی خۆیان بوون، بەڵام لە قۆناغی سەرخستنی پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا هەڵەیان کردوو نەیانتوانی لە چوارچێوەی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا دامەزراوەی دەوڵەتی بەهێز و سەروەریی یاسا بەرهەمبێنن.

**سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لەهەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی ئەو سەرۆکە نیشتمانی و نەتەوەییەی ئەمڕۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکات**

